# "ئەگەر دیموكراسیمان بوێ، دەبێ بە پێشوازی فیشەكی دیموكراسیشەوە بچین"!

## لە پەراوێزی سەركوتی خوێناوی نارەزایەتی كرێكارانی كارگەی رستنی كوتو قوتابیانی بەشی ناوخۆیی زانكۆی سلێمانی!




محسن كريم ١٠-٠١-٢٠٠٥

muhsin_km@yahoo.com


لە نێوان تەقەكردن لە كرێكارانی مانگرتووی كارگەی رستنو چنینی پارێزگای كوتو تەقەكردن لە قوتابیانی بەشی ناوخۆیی زانكۆی سلێمانی نزیكەی (2) هەفتەیەك دەبێت. كرێكارانی پیشەسازی رستنو چنین لە كوت كە چەند هەزار كرێكارێك دەبن، بۆ بەدەست هێنانی (موخەسەساتی ختورە) لە رۆژەكانی كۆتایی ساڵی رابردوودا، نارەزایەتی دەردەبڕنو داوای بڕی (12000) دینار، واتە كەمتر لە (10) دۆلار دەكەن بۆ مانگێك، لە بەرامبەر خەتەرناكی هەلومەرجی كارەكەیاندا، بەڵام وەڵامی ئەم خواستەیان بە فیشەكی چەتەكانی پارێزگاری كوت كە میلیشیای تاقمە ئیسلامیەكانن بە بەرگی (پاسەوانی نیشتمانی)یەوەو بە دەموچاوی هەڵبەستراوەوە خۆیان دەكەن بەناو كارگەدا، وەڵام درایەوە! لە ئاكامدا (4) كرێكار بریندار دەكەنو (11) كرێكاریش را پێچی زیندان دەكەن بۆ لێكۆڵینەوە!

3-2 رۆژیش لەمەوبەر، قوتابیانی بەشی ناوخۆیی زانكۆی سلێمانی، لە شەقامی مەولەوی، بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە نەبوونی كارەباو نەوتو هۆیەكانی گەرم كردنەوە، دەرژێنە سەر جادەی مەولەویو جادەكە دەبەستن. چەكدارەكانی ئاسایشی یەكێتی نیشتمانی، لولەی چەكەكانیان دەكەن سنگی قوتابیانو ژمارەیەكیان لێ بریندرا دەكەن! ئەم پاڵەوانانەی كوردایەتیش كە ملیۆنەها دۆلاریان بۆ راكێشانو كڕینی دەنگی خەڵك بەناوی جۆراوجۆرەوە، تەنانەت (جەلالیانە)،هەڵڕشتوە، لەجیاتی سەرفكردنی چەند هەزار دینارێك بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانەی خوێندكاران، فیشەكی هەرزانی جبەخانە بەجێماوەكانی بەعسیان دەكەن بە دیاری!

رژێمی وەحشی بەعس لە سەرەتای هاتنە سەركاریدا مانگرتنی كرێكارانی (زیوتی نەباتی بەغدا)ی شەلاڵی خوێن كرد. ئەمە پەیامی ئەو رژێمە بوو بۆ چینی كرێكاری عێراق، كە بۆ ماوەی 35 ساڵ نمونەی درندەترین نیزامی سیاسی دژی كرێكارو دژی خەڵك بوو. پەیامی ئەم

مافیا ئیسلامیو قەومی یانەی کە هەر ئێستا لە لایەن ئەمریکاوە حوکمی عێراقیان تەسلیم کراوە، وە بریارە سبەنێش لە گاڵتەجاری" هەڵبژاردن"دا هەر تەسلیمی ئەوان بکرێت، هەمان پەیامی رژێمی دژی بەشەری بەعسە بۆ کرێکارانو بۆ جەماوەری خەڵك.

لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەتی کاتیو جەنابی پارێزگاری کوت، زۆربەی هەرە زۆریان کۆنە خزمەتکارەکانی بەعسو یان ئەڵقەلەگوێکانی رژێمی دژی بەشەری جمهوری ئیسلامی ئێرانو تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسین. دەمێکەیە کارنامەی ئەوان بۆ خەڵك ئاشکرا بووە. یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش تەجروبەی سەرکوتی خوێناوی نارەزایەتیەکانی خەڵکی بێخانەو لانەی حامیەی سلێمانی، دەستفرۆشانی سلێمانی، قەتلو عامی موخالیفە سیاسیەکانی خۆی، تیرۆری ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و چەندین تاوانی دیکەی دژی ئازادیو مافەکانی خەڵك ناوەتە پشتی سەری. گاڵتەجاری مەسەلەکە لەوەدایە ئەم ئینسانکوژانە لە کاتێکدا ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن کە خەریکن خۆیان بۆ "هەڵبژاردن" ئامادە دەکەنو بەڵێنی ئازادیو خۆشگوزەرانیو ئارامیو دیموکراسیو باشبوونی بژێوی و خزمەتگوزاری خەڵك وەکو بانگەشەی هەڵبژاردنیان بە خەڵك دەدەن؛ تەنانەت ئەوەندە عەقڵیشیان نی یە ماوەیەك دان بەخۆدا بگرن تا لەسەر کورسیەکان دادەنیشن؛ بەڵام پێ دەچێت پێویستیان بەو دانبەخۆداگرتنە نەبێت، چونکە چەكو پارەیان هەیەو بەزۆری چەكو پارە بەشێك لە خەڵکی ژێردەسەڵاتیان دەبەنە پای سندوقی دەنگدانو بەزۆر پەنجەمۆریان بۆ خۆیان لێ وەردەگرن؛

ئەمەیە گاڵتەجاری"هەڵبژاردن"ی عێراق دوای 35 ساڵ لە سەرکوتی خوێناوی رژێمی بەعس؛

ئەم مافیایانەی کە لەسەر داواکردنی مافی سادەو سەرەتایی کرێکارانو خوێندکاران، مافی پاراستنی کرێکاران بەرامبەر مەترسیەکانی ناوەندی کارو کارکردن، خواستی خوێندکاران بۆ دابینکردنی کارەباو نەوت، تا بخوێننو لە سەرمای زستان بپارێزرێن، لولەی چەگ دەکەنە سنگیانو خەڵتانی خوێنیان دەکەن، دەبێت روبەروی دادگایی خەڵك ببنەوە. خەڵکی عێراقو کوردستان شایانی ئەوە نین دوای 35 ساڵ لە سەرکوتی رژێمی بەعس، ئەمانە ببنە حاکم بەسەریانەوە. ئەمانە جێگایان زیندانە نەك کورسی دەسەڵات؛ نابێت رێگا بدرێت ئەو تاوانانەیان بەسەردا تێ پەرێت.